وەزارەتی گواستنەوە یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لەگەڵ گروپی بەندەرەکانی ئەبوزەبی واژەدەکات

وەزیری گواستنەوە ئەزاق محیبس سەعداوی، واژەکردنی یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتنی نێوان کەمپانیای گشتی بە بەڕێوەبردنی بەندەرەکانی عێراق و گروپی بەندەرەکانی ئەبوزەبی ڕاگەیاند.

وەزارەتەکە لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە: وەزیری گواستنەوە ئەزاق محیبس سەعداوی، پێشوازی لە وەزیری دەوڵەت بە بازرگانی دەرەکی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی سانی بن ئەحمەد زیودی کرد، بەمەبەستی تاوتوێکردنی کاری هاوبەش و بەرزکردنەوەی هاوکاری لە کەرتەکانی گواستنەوەدا.

لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە: لە کۆبوونەوەیەکدا هەردوولا باسیان لە بەهێزکردنی هاوبەشی ئابووری و ئاوگەی ئەزموونەکانی نێوان عێراق و ئیمارات لە کەرتەکانی گواستنەوەدا کرد.

بەپێی بەیاننامەکە، سەعداوی ڕایگەیاند: عێراق کاردەکات بە بەهێزکردنی توانا ئابوورییەکانی لەگەڵی پێژەی زەبەلاحەوە لەکەرتی گواستنەوەی دەریایی و کێشتیوانی، و وتیشی: پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان ئامانجی بەستنەوەی ڕۆژهەڵاتە بە ڕۆژئاواوە.

ڕوونیشیکردەوە: ئەم پرۆژەیە یەکێکە لە دیارترین پرۆژە ئابوری و لۆجستیکییەکان لە عێراقدا، کە پێویستی بە توانا و لێهاتوویی گونجاو هەیە.

هەر لە بەیاننامەکەدا هاتووە: کە کۆبوونەوەکە بریتی بوو لە واژەکردنی یاداشتێکی لێکتێگەیشتن لە

نەوان کەمپانیای گشتی بە بەڕێوەبردنی بەندەرەکانی عێراق و گروپی بەندەرەکانی ئەبوزەبی، کە ئامانج لێی دابینکردنی شارەزایی پێویست بە کەرتی گواستنەوەی عێراق بە بەڕێوەبردنی پڕۆژەکان بە نوێترین شێوازی بەڕێوەبردن لە جیهاندا.

لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە: کە وەزیری بازرگانی دەرەکی ئیمارات جەختیکردەوە: کە ئامانجی سەردانەکەی بەهێزکردنی پێیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان ئیمارات و عێراق، و بەرزکردنەوەی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەردوو وڵاتی برایە لەگەڵی گەشان بەدوای دەرفەتی هاوکاری کە بەرژەوەندی هاوبەش بەدەستبهێنێت.

لە بەشێکی تری بەیاننامەکەدا هاتووە، کە فەرحان فرتوسی بەڕێوەبەری گشتی کەمپانیای گشتی بە بەندەرەکانی عێراق ڕوونیکردەوە: هاوکاریکردن لەگەڵ گروپی بەندەرەکانی ئەبوزەبی ئامانجی پەرەپێدانی بەندەر و ناوچە ئابوورییەکانی عێراقە، و جەختیشیکردەوە: ئەمە پێکەوە کاردەکەین بە داشتنی سیاسەتێکی هاوبەشی کارکردن لەگەڵی گرەبەست لەگەڵ هەڵە گەورەکانی کەشتیوانی نێودەوڵەتی، بەمەبەستی ڕەخساندنی دەرفەتی نوێ بە بەرزکردنەوەی بازرگانی و وەبەرهێنان و بەدەستهێنانی گەشەی ئابووری و خێشگوزەرانی بە وڵات.

لە بەرامبەردا، کاپتن محەمەد جومعە ئەلشامسی، سەرۆکی جێبەجێکاری گروپی بەندەرەکانی ئەبوزەبی ڕایگەیاند: یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن کاردەکات بە بەرزکردنەوەی بازنەی هاوکارییەکانمان و پابەندبوونمان بە بەهێزکردنی پێیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی برا.